لەهەولێر (١٩٩٤)، پێشانگای مافی مرۆڤ لەسلێمانی (١٩٩٥)، پێشانگای جیهانیی کاریکاتێر لەقاهیرە (١٩٩٧)، پێشانگای هاوبەشی گروپی سروشت لەهۆڵی گەلەریی زاموا لەسلێمانی (١٩٩٧)، پێشانگای نێودەوڵەتیی کاریکاتێر لەبەلژیك (١٩٩٩)، پێشانگای هونەرمەندانی کورد لەهۆڵەندا (٢٠٠٠)، پێشانگای گەلەریی دهۆك (٢٠٠١)، پێشانگای گروپی کوردستان لەبەغدا (٢٠٠٣)، پێشانگای هەفتەی فەرهەنگیی سلێمانی لەشاری سنە (٢٠٠٥)، فیستیڤاڵی هونەری شێوەکار لەسلێمانی (٢٠٠٦)، فیستیڤاڵی هونەری شێوەکار لەدهۆك (٢٠٠٧).

لەم بوارەدا دامەزرێنەری «خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵان»و گروپی هونەریی کوردستانە.

دیارترین بەرهەمەکانی «زمانی کاریکاتێر» (١٩٩٩)، «مێژووی هونەری بیناسازی» (٢٠٠٦).

## ئاکۆیەتی (شەڕ)

پێکادانێکە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو جوتیاران لەلایەك و هێزەکانی سوپای عیراق لەلایەکی ترەوە لەناوچەی ئاکۆیەتی لەرانیە لە ٢٨ی ئازاری ١٩٧٧دا، تێیدا هێزێکی بەربڵاو بۆ لەناوبردنی پێشمەرگەو راگواستنی دانیشتووانی ناوچەکەو وێرانکردنی گوندەکان هێرشی کردە سەر ناوچەکە. پێشمەرگەو جوتیارانی ناوچەکە لەچیای گازی، بێ پالان، ورتە، ساوێن بەرەنگاریی هێرشەکە بوونەوەو لێی راپەڕین.

لەشەڕەکاندا دوژمن ٧٠ سەربازی لێ کوژراو ١٠٠ سەربازیشی بریندار بوون. لەهێزی پێشمەرگەش، عەبدوڵڵا حەسەن (خەڵکی قرناقاو)، کوێخا نەبی حەمەد (خەڵکی قادراوا)، فەقێ عەبدوڵڵا خدر (خەڵکی کاسکان) شەهیدبوون.

## ئاگر (کۆمیتە)

کۆمیتەی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەشاری کەرکوك. لەکۆبوونەوەی ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣ی کەرکوك لەنێوان سەرکردایەتیی کۆمەڵەو کادیرەکانی کەرکوکدا کە بەسەرپەرشتیی سکرتێری کۆمەڵە شەهاب شێخ نوری بەڕێوە چوو، بڕیاری دامەزراندنی درا. یەکەم لێپرسراوی فەرەیدون عەبدولقادره کە ئەوسا کارمەند بوو لەشارەوانیی کەرکوك و پاشان لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کەوتە ئەستۆی عەلی محەمەد قادر، ناسراو بە عەلی بچکۆل. دواتر ئیحسان نەجم محێدین، ناسراو بە ئەبو شەهاب، ئەرکی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆ، لەو ماوەیەدا هەر یەك لە برایم جەلال و فەیسەڵ رەشید تاڵەبانی و ئازاد هەورامی رۆڵێکی بەرچاویان تێدا گێڕا.

دوای شاڵاوی گرتن و راوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٧٥، رێکخستنی کۆمیتەکە شڵەژانێکی زۆری بەخۆوە بینی. لەم سەروبەندەدا پاش ئەوەی کە بەشێك لەکادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمیتەکە لەوانە ئیحسان نەجم محێدین و فەیسەڵ رەشید تاڵەبانی و ئازاد هەورامی لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندییان بەهێزی پێشمەرگەوە کرد، کۆمیتەکە رادەستی حەمید محەمەد کاکەمەند ناسراو بە حەمید شورتەو حەمە کەریم عەلی رەزا ناسراو بە ئەحمەد کرێکار کرا.

ئەم کۆمیتەیە سەرەتا لەژێر ناوی کۆمیتەی شار کاری دەکرد، بەڵام لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧دا ناوەکەی کرا بەکۆمیتەی ئاگر بەو مەبەستەی کە ناوەکە باشتر گوزارشت لەتایبەتمەندێتیی شاری کەرکوك بکات.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨ کۆمیتەکە بڕیاری دروستکردنی شانەی چەکداری داو پاش تاوتوێکردنی ئەم پرۆژەیە، ئەرکەکە بە مەلا محێدین حسێن حەسەن و عەبدولقادر سەید بەکر جەباری سپێردرا کە هەردووکیان ئەندام بوون لەکۆمیتەکەدا. پاش پێکهێنانی چەند شانەیەکی چەکدار، لەماوەی ساڵانی ١٩٧٩- ١٩٨١ چەند چالاکییەکی شۆڕشگێڕانە لەناو کەرکوك لەدژی کاربەدەستانی بەعس و نۆکەرانیان ئەنجام درا.

ئەم چالاکییە چەکدارییانە دەزگا ئەمنییەکانیان وروژاندو وایان لێکردن بکەونە گەڕ بۆ ئاشکراکردنی شانە چەکدارەکان. ساڵی ١٩٨٠ دەزگا ئەمنییەکان لەگەڕەکی ئیمام قاسم ئەندامێکی کۆمیتەکەیان بەناوی مەلا محەمەد شەریف مام رەشی گرت کە دواتر هیچی نەدرکاندو لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو. هەمان ساڵ حەمە کەریم عەلی رەزا لەبەر پەرەسەندنی فشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەری، پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کردو بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمیتەکەی بۆ حەمید محەمەد کاکەمەند بەجێهێشت.

لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ دەزگا ئەمنییەکان شاڵاوێکی گرتنیان دەستپێکردو ئەم شاڵاوە تا ٢٧ی تشرینی دووەم بەردەوام بوو، لەئەنجامدا ٤٩ کەسی سەر بەکۆمیتەکە دەستگیر کران. گیراوەکان ئەشکەنجەیەکی دڕندانە دران و هەندێکیان بەهۆی لێدان و ئەشکەنجەوە گیانیان لەدەستدا لەوانە لەتیف محەمەد ئەمین،

مەقسود محەمەد عەلی، سیروان محەمەد ئەمین مستەفا، کەریم محەمەد عەلی، عەدنان محەمەد ئەمین مستەفا، حەمە زەکی سدیق، فەهمی سدیق، هادی قادر، محەمەد عەبدوڵڵا کەریم.

پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٢ ڕەوانەی بەغدا کران بۆ دادگایی کردن. لەوێ بڕیاری لەسێدارەدان بۆ ١٠ کەس دەرچوو کە بریتی بوون لە: مەلا محێدین حسێن حەسەن، فەهمی ئەمین ڕەشید، ئەسعەد عەزیز سۆفی، فاروق عومەر وەلی، عەبدولجەبار ساڵح فەرەج، ڕەشاد محەمەد ئەمین، حەسەن محەمەد عەلی، عەبدولقادر بەکر قادر، جەنگیز نەجمەددین نوری و فەرهاد محەمەد سەعید. ئەمانە ڕەوانەی زیندانی موسڵ کران تاکو لەوێ لەسێدارە بدرێن. دواتر، بەشێوەیەکی کتوپڕ ڕەوانەی زیندانی ئەبوغرێب کرانەوە لەوێ بەدوو وەجبە، بەبێ ئاگادارکردنەوەی کەسوکاریان، لەڕۆژانی ٢٧ و ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٣ لەسێدارە دران و لەگۆڕستانی محەمەد سەکران نێژران.

ژمارەیەکی تریان بە ١٥ تا ٣٠ ساڵ بڕیاری زیندانی کردنیان بۆ دەرچوو. چوار کەسیشیان ئازاد کران.

## ئالا (ڕۆژنامە)




ڕۆژنامەیەکە لقی ئەمریکای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریکردووە. لەباری دیزایندا باشە، بەڵام لەباری چاپدا باش نییە، وێنەی فۆتۆگراف و دەستیی تێدایە، قەبارەی لەژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە، بەڵام زیاتر لەقەبارەی فولسکابدایە، یانزە ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەمین ژمارەی لەمانگی ئابی ١٩٧٩ دەرچووەو دوا ژمارەش کە ژمارە ١١یە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣. بابەتەکان بە تایپی دەستی تایپ کراون و بەفۆتۆکۆپی ڕاکێشراون.

یەکەم ژمارەی لەشاری شیکاگۆ لەویلایەتی ئیلینۆی دەرچووە، ژمارەکانی تر لەشاری فالس چێرچ لەویلایەتی ڤێرجینیاو شاری سانتیاگۆ لەویلایەتی کالیفۆرنیا دەرچوون. دوو سەرپەرشتیاری هەبووە کە پێکەوە ئەرکی سەرنووسەرییان دیوەو بریتین لە تالب غولام زەنگنەو عەدنان گەرمیانی. زۆربەی وتارە کوردییەکان عەدنان گەرمیانی و تالب بەرزنجی نوسیویانەو زۆربەی وتارەکانی بەشی عەرەبی تالب غولام زەنگنە نوسیویەتی. ئەرکی تایپکردن لەئەستۆی جانی دیلان و حەیدەر کەریم بووە. جانی دیلان جگە لەوەی کە وەك تایپیست کاری تێدا کردووە، دیزاینەرو خۆشنووسی ڕۆژنامەکەش بووە. هەموو ئەو وێنانەش کە بۆ جوانکاری و گوزارشتکردن لەناوەڕۆکی وتارەکان و بیری سیاسیی ڕۆژنامەکە بڵاو کراونەتەوە، داهێنانی جانی دیلانن، خاوەنی ئەو هۆنراوە عەرەبییانەش کە ڕۆژنامەکە بڵاوی کردوونەتەوە مەحمود محۆیە کە کوردی لوبنانە. زۆربەی ئەوانەی لەم ڕۆژنامەیە کاریان کردووە سەر بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون.

## ئالا (ڕۆژنامە)




ئۆرگانی باڵی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش- کۆنفرەنس کە لەهاوینی ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی ناکۆکیی ئایدیۆلۆژییەوە لەڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش جیا بووە. لەو ڕۆژنامەیە ١٩ ژمارە دەرچووە. ژمارە ١ لەمانگی ئەیلولی ١٩٨٨ دەرچووەو ژمارە ١٩ کە دوا ژمارەیە لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠. ئەم ڕۆژنامەیە پاشکۆیەکیشی بەزمانی عەرەبی دەرکردووە.

قەبارەکەی چەند سانتیمەترێك لەنێو فولسکاب گەورەتر بووە. ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووەو لەئۆردوگای زێوە لەنزیك شاری ورمێ لەئێران دەرچووە.

و لەکوژاندنەوە نەهاتووی سەر ڕێگای خەباتی گەلەکەمان و گەلان و زەحمەتکێشانی عیراق و هەموو ناوچەکە لەپێناوی نەمانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکدا».

## ئاڵای شۆڕش (ڕۆژنامە)

ئۆرگانی ڕێکخراوی «ئاڵای شۆڕش» کە ڕێکخراوێکە پاش کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەتەموزی ١٩٨٤، لەکۆمەڵە جیا بۆوەو بەو ناوە دەستی بەچالاکیی سیاسیی خۆی کرد.

ئەم رۆژنامەیە ١٢ ژمارەی بە دوو خول لێ دەرچووە. لەخولی یەکەمدا ٧ ژمارەی لێ دەرچووەو لەخولی دووەمدا پێنج ژمارە. یەکەم ژمارە لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٠ دەرچووەو لەژمارە چوارەوە پاشکۆیەکی بەناوی «پاشکۆی ئەدەبی» دەرکردووە. بابەتەکانی بریتین لەبابەتی درێژ. حەوت ژمارەکەی خولی یەکەمی ئەم رۆژنامەیە لەقەبارەی فولسکابدان و بابەتەکانی بەتایپی ئاسایی تایپ کراون و پاشان بەئامێری فۆتۆکۆپی دانەیان لەبەر گیراوەتەوە. ژمارەکانی ئەم خولە هەمووی لەئۆردوگای ئاوارەکان لەزێوە لەنزیك ورمێ دەرچووە.

ساڵی ١٩٩١ ئەم رۆژنامەیە لەشاری هەولێر پێنج ژمارەی تری لێ دەرچووە کە خولی دووەمی پێکدەهێنن و دوا ژمارە کە لێی دەرچوو بێ ژمارە ١١-١٢یە کە دوانەیەو لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

دوای ئەوەی کە ڕێکخراوی «ئاڵای شۆڕش» چووە ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەسەرکردایەتیی قادر عەزیز، رۆژنامەکە وەستاو هیچ ژمارەی تری لێ دەرنەچوو.

## ئاڵای شۆڕش (ڕێکخراو)

ڕەوتێکی فیکرییە لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا پەیدا بوو و لەڕەوتی پەرەسەندنیدا ڕێکخراوێکی چەپی لێکەوتەوە. هۆی پەیدابوونی بۆ ململانێی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەنێوان باڵی سکرتێر نەوشیروان مستەفاو باڵی ئۆپۆزیسیۆن بەسەرکردایەتیی مەلا بەختیار- سالار عەزیز دەگەڕێتەوە. باڵی ئۆپۆزیسیۆن لەو بڕوایەدا بوو کە کۆمەڵە خەریکە وردە وردە سیمای ئایدیۆلۆژی و چینایەتیی خۆی لەدەستدەداو دەبێتە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیست و ئۆباڵی ئەم گۆڕانەی خستە ئەستۆی سیاسەتی پەیڕەوکراوی سکرتێری کۆمەڵە. سەربار، ناکۆکییەکی زۆر سەبارەت بەشێوەی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵە لەنێوان هەردوو باڵدا هەبوو.

ئەگەرچی هەردوو باڵ خۆیان بەمارکسیست و کوردستانی دادەنا، بەڵام باڵی ئۆپۆزیسیۆن تێڕوانینی رادیکاڵتری هەبوو و زۆرتر ئایدیۆلۆژیا بەسەریدا زاڵ بوو. لەڕوانگەی باڵی سکرتێرەوە، باڵە رکابەرەکەی باڵێکی تێکدەرو بان چەپ بوو. لەڕوانگەی باڵی ئۆپۆزیسیۆنەوە باڵی سکرتێر باڵێکی بۆرژوازیی ناسیۆنالیست بوو. لەگوتاری راگەیەنراودا باڵی مەلا بەختیار- سالار بەو جۆرە تەماشای خۆی دەکرد کە پارێزەرو درێژەپێدانی هێڵ و کەلەپوری سیاسی و فیکریی شاسوار جەلالە کە پاش دەستگیرکردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەلایەن رژێمی عیراقەوە، رابەرایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکانی کردبوو و توانیبووی کۆمەڵە لەفەوتان و هەڵوەشانەوە بپارێزێ.

لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە کە لەتەموزی ساڵی ١٩٨٤ لەهەواری کانی سێوی مێرگەپان لەبناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، ناکۆکییەکان تەقینەوەو لایەنگرانی رەوتەکە کۆنفرەنسیان بەجێهێشت، بەڵام بەهۆی ناوبژییەوە، بۆ رۆژی دواتر گەڕانەوە بۆ ناو کۆنفرەنسەکە. بەپێی تەرازووی هێز لەناو کۆنفرەنس، باڵی سکرتێر زاڵ بوو بەسەر کۆنفرەنسدا، بەڵام باڵەکەی تر کەمینەیەکی بەرچاوی پێکدەهێنا. لەسەرجەمی ٢٨٧ ئەندامی کۆنفرەنس، ١٢٧ ئەندام لەکاتی تەقینەوەی ناکۆکییەکاندا کۆنفرەنسیان بەجێهێشت و بەم پێیە رێژەیان ٤٤٪ی ئەندامانی کۆنفرەنس بوو. بەڵام لەپرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا باڵی سکرتێر سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناو لەسەرجەمی ٧ کورسیی سەرکردایەتی، ٤ کورسیی بەدەستهێنا، باڵەکەی تر تەنها یەك کورسیی بەدەستهێنا. دوو کورسییەکەی تر بەر هێڵی مامناوەنجی ناو کۆمەڵە کەوتن.

پاش کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە، رەوتە ناڕازییەکە بەنهێنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی پێکهێنا. ئەم ناوە لەناوی ئەو رۆژنامەیەوە وەرگیراوە کە شاسوار جەلال لەساڵی ١٩٧٧ لەقەرەداغ دەریکردووە. سەرکردایەتیی مەیدانیی ڕێکخراوەکە لەناو وڵات لەهەر یەك لە مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەددین، مەحمود عەبدولڕەحمان (شێخ عەلی) پێکهاتبوو.

لەتشرینی دووەمی ١٩٨٥دا، کۆبوونەوەی بچوککراوەی

٢-کردنەوەی خول لەبواری جیاجیادا بۆ کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.

٣-رێکخستنی ئەرشیف و دۆکیومێنتکردنی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٤-دەرکردنی گۆڤارێکی فیکری.

٥-بایەخدان بەتوێژینەوەو بیرو رۆشنبیریی هاوچەرخ و سازکردنی کۆڕو کۆنفرانس.

٦-ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی ناوبەناو دەربارەی رووداوەکانی ناوچەکە، جیهان و ئاڕاستەکانی رای گشتیی خۆماڵی کە تایبەتە بەئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکان».

لەتەموزی ٢٠١٠ فەرید ئەسەسەرد بەلێپرسراوی دەزگاکە دانراو خودی دەزگاکەش کرا بە دوو بۆرد: بۆردی هۆشیاری کە ئەو ئەرکانەی لەئەستۆدایە کە لەخاڵی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ ی ماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆدا دەستنیشان کراون و بۆردی ناوەندی پێگەیاندنی کادیران کە خاڵی ٢ی ماددەی ٦٥ ئەرکەکەی دیاریکردووەو عارف روشدی بەلێپرسراوی دانرا.

ئەندامانی پێشووی مەکتەبی بیرو هۆشیاری بەئەندام لەئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران دانران.

## ئەلجەبهە ئەلکوردستانیە (الجبهة الكردستانية)


في هذا العدد

● عمليات انصارية في سورين وجكوج وشلير
● اهلاً ماتديلا
● الاكراد في التراث العربي
● بلاغ عن اجتماع القيادة السياسية للجبهة

الجبهة الكردستانية

تصدرها الجبهة الكردستانية العراقية — العدد ٣ آذار ١٩٩٠

ان الاجراءات الارهابية للنظام ضد شعبنا العراقي وحرب الابادة ضد شعبنا الكردي وحرب القادسية المشؤومة ونتائجها، كل ذلك نابع من الايديولوجية الشوفينية للحزب العفلقي وطبيعته الفاشية، وعلى شعوبنا وسائر شعوب المنطقة ان تستلهم من هذه التراجيديا المؤلمة الاهمية القصوى للنضال من اجل الحرية ومن اجل الديمقراطية بأوسع مجالاتها، لان الحكام لا يجرؤون على شن مثل هذه الحروب الظالمة إلا في غياب الحرية، حرية الشعوب في تجسيد ارادتها في كافة شؤون حياتها.

من وثائق الجبهة الكردستانية

# مجزرة حلبچة.. ذكرى المأساة.. ومسؤولية المجتمع الدولي

## الجريمة التاريخية الكبرى في حلبچة جسدت مأساة شعبنا المروعة

لقد خرق بل (حرق) نظام بغداد اتفاقية جنيف (١٩٢٥) وتوقيع العراق عليها (١٩٣١) وقرارات الامم المتحدة ...

العالم كله وكثرت حملات الادانة لها حتى من قبل بعض الحكومات وهيئة الامم المتحدة التي ارادت ارسال خبراء ...

كثيرة اخرى كيمياوية لم تغطى اعلامياً لعدم تمكن رجال الاعلام من الوصول الى اماكنها، لقد راحت عشرات الالوف ...


### المجتمع الدولي والقضية الكردية

يعيش الكرد منذ آلاف السنين في وطنهم كردستان بجوار الشعوب الاخرى وخاصة العربية والتركية والفارسية وغيرها. وبسبب مطالبته بحقوقه المشروعة كغيره من الشعوب وعدم خضوعه للاجنبي ...

ئۆرگانی ناوەندیی بەرەی کوردستانی عیراق بەزمانی عەرەبی. ئەرکی، ناساندنی سیاسەت و تێڕوانینەکانی بەرەی کوردستانی بوو بەجیهانی عەرەب. شەش ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە ١ لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٩ دەرچووەو ژمارە ٦ لەمانگی شوباتی ١٩٩١.

هەر شەش ژمارەکە قەبارەیان تابلۆیدە. بەچاپێکی پێشکەوتوو دەرچووەو یەکێکە لەڕۆژنامە سەرنجڕاکێشەکان. لەدیمەشق لەسوریا لەچاپخانەی ئۆفسێت چاپ کراوە. بارەگای رۆژنامەکەش هەر لەدیمەشق بووە. بابەتەکانی دوتوێی ئەم رۆژنامەیە بریتین لەهەواڵ، وتاری سیاسی و ئەدەبی و هونەر. ئەندامەکانی دەستەی نوسەرانی لەگروپە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی بوو، بەشێکی زۆریان پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕانەوە بۆ کوردستان، بەڵام لەو کاتەدا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بڕیاری نەدا لەهەولێر درێژە بەدەرکردنی رۆژنامەکە بدرێ، بۆیە دوای راپەڕین بەرەی کوردستانی هیچ ئۆرگانێکی بەزمانی عەرەبی دەرنەکردو زۆرتر جەختی کردە سەر دەرکردنی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» بەزمانی کوردی.

## ئەمیر باقی غەفوری



پێشمەرگە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی کۆیە. تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٩٦٧ بوو بەپێشمەرگەو تا هەرەسهێنانی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بوو. دواتر گەڕایەوە بۆ کۆیەو تێکەڵ بەڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٧٦ بووە بەپێشمەرگەو بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانەی کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ئەو هێزەدا بەرەو سنوری عیراق-تورکیا بەڕێکەوت کە ئەرکەکەی دانانی بنکە بوو لەناوچەی برادۆست. لە ٤ی ئاياردا لەناوچەی هەکاری بەبریندار کەوتە دەست چەکدارە خێڵەکییەکانی ناوچەی هەکاری و لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٧٩دا ئازاد کرا. دوا بەدوای ئەمە، چوو بۆ سوریاو لەوێوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و درێژەی بەژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی دا.

ساڵی ١٩٩١ یەکێ لەو کەسانە بوو کە بۆماوەی ١٢ رۆژ لەبەردەم بارەگای هەولێری نەتەوە یەکگرتووەکان مانیان

## ئەی ڕەقیب (سرود)



سرودێکی نیشتمانییە. ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە ١٩٧٩وە بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو بەرنامەی ڕۆژانەی خۆی بەم سرودە دەست پێدەکرد. هۆنراوەکە بەرهەمی یونس ڕەئوف دڵدارە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩١٨ی کۆیەو کۆچکردووی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨ی هەولێرە. ئاوازی ئەم سرودە، شێخ حسێن شێخ عەبدولکەریم کرپچنە دایناوە. یەکەم جار لەکۆماری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦ وەك مارشی نەتەوەیی وتراوەو لەشۆڕشی ئەیلولیش، لەئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق وەك مارشی نەتەوەیی سودی لێ وەرگیراوە. هەموو ڕۆژ لەسەرەتای دەستپێکی بەرنامەکاندا ئەم سرودە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ وەك مارشێکی نەتەوەیی لە ڕادیۆی گەلی کوردستان پەخش دەکرا. لەو سۆنگەیەوە کە مارشەکە گوزارشتی لەتێڕوانین و بیروباوەڕی یەکێتی نەدەکرد، بڕیار درا چیتر وەك مارشی سەرەکی لەرادیۆ پەخش نەکرێ، بەتایبەتی کە جگە لەیەکێتی، هەر یەك لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش سرودەکەیان بەمارشی خۆیان دەزانی و ڕۆژانە لەسەرەتای دەستپێکی بەرنامەکانی ڕادیۆکانیان لێیان دەدا. لەکانونی دووەمی ١٩٨٥، یەکێتی سرودی «مەشخەڵان»ی لەباتی سروودی «ئەی ڕەقیب» کرد بەمارشی خۆی.

## ئیتیحاد [الاتحاد] (ڕۆژنامە)



الاتحاد

جريدة شهرية تصدرها لجنة العلاقات الخارجية في الاتحاد الوطني الكردستاني

العدد الاول — كانون الاول ١٩٨٢

**لتتضافر كل الجهود المخلصة من اجل اسقاط الفاشية**

في ظل الظروف الراهنة في العراق حيث دخلت الحرب التي شنها صدام حسين على ايران خدمة للمخططات الامبريالية عامها الثالث ودمرت امكانات العراق البشرية والاقتصادية والعسكرية ولاتزال .
وحيث تتبارى الرجعيات العربية من دعم نظام صدام وتقويته وحمايته من غضب جماهير شعبنا المناضلة من اجل اسقاطه ، وحيث ان بعض الجهات التي كان المفروض أن تقدر واقع العراق وخصوصيته وتركيبة شعبه وتضع يدها في ايدي الحركة الوطنية العراقية وضعت في سبيلها العراقيل ...

**تطورات تنظيمية هامة داخل الاتحاد الوطني الكردستاني**

لقد شهد الاتحاد الوطني الكردستاني تطورات تنظيمية هامة تنسجم مع المتطلبات الضرورية للمرحلة التاريخية الراهنة التي يمر بها نضال شعبنا ، فقد عقدت عصبة شغيلة كردستان - احدى التيارات الاساسية في الاتحاد الوطني الكردستاني كونفرانسها الثاني وقد اكد على ضرورة تعميق التلاحم وتقوية العلاقات التنظيمية داخل الاتحاد من اجل تطوره وتقدمه ، كما أن التيارين الاخرين قد توحدا واسسا اتحاد الثوريين الكردستاني على اساس الالتزام التام بمواقف الاتحاد الوطني الكردستاني وسياسته وتوجه وتعزيز التلاحم النضالي مع عصبة شغيلة كردستان من اجل تقدم الاتحاد الوطني الكردستاني وانتصار الثورة وهيئة تحرير الاتحاد في الوقت الذي تقدم تهانيها للرفاق في اتحاد الثوريين الكردستاني على خطوتهم الجريئة والمعبرة عن طموحات جماهير شعبنا الكردي وللرفاق في عصبة شغيلة ...

**لهذه الجريدة**

لقد مثل الاتحاد الوطني الكردستاني داخل الحركة الوطنية العراقية الفصيل الثوري المتمتع بثقة الجماهير الكردية والقوة العسكرية الاساسية المتصدية للفاشية والمناضلة من اجل عراق ديمقراطي يتمتع فيه الشعب الكردي بالحكم الذاتي ، وكان له شرف اشعال الثورة العراقية في جبال كردستان في اول حزيران ١٩٧٦ كما كان له ...

ڕۆژنامەیەکە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. لەهۆڵەندا دەرچووە. لەباری تایپ و دیزاین و چاپدا یەکێکە بڵاوکراوە هەرە پێشکەوتووەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان. بەزمانی عەرەبی دەرچووە، وێنەی بڵاوکردۆتەوە، قەبارەی فۆڵسکابە، دوانزە ژمارەی لێ دەرچووە، هەر ژمارەیەك ٨ لاپەڕە بووە. دکتۆر جەمیل شەرەف و زاهیر حەمەدو چەند ئەندامێکی تری ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاریان تێدا کردووە. تا ژمارە ٨ پاشکۆی تایبەت بەچالاکییەکانی پێشمەرگەی لەگەڵدا بووە. ژمارە ١ لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ دەرچووەو ژمارە ١٢ کە دوا ژمارەیە، لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٣.

لەژمارە ٣ بەدواوە ناوەکەی گۆڕاوەو بووە بە سەوت ئەلئیتیحاد (صوت الاتحاد).

## ئیدریس ئیسماعیل*



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ی شارۆچکەی خورماتوو. تا پۆلی پێنجی زانستیی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووەو لەتیپی ٥١ی گەرمیان

پێشمەرگایەتیی کردووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبریندار لەچیای کەڵە هەنجیر لەلایەن هێزەکانی عیراقەوە دەستگیر کراو راپێچی زیندانی تکریت کرا. پاش دادگایی کردنی، بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوو، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا، چونکە بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

رۆژی ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی لکێنراو بەئۆتۆمبێلەکەیەوە، لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا، لەشاری کەرکوك شەهید بوو.

## ئیشراقات کوردییە [اشراقات کردیة]




گۆڤارێکی رۆشنبیرییە ئۆفیسی قاهیرەی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەقاهیرەی پایتەختی میسر دەری کردووە. ژمارەیەك نوسەری میسری و کورد نوسینیان تێدا بڵاوکردۆتەوەو بەشدارییان لەدەرکردنی کردووە. سەرنوسەرەکەی یاسین رەئوف رەسولە.

ژمارە ئەزمونییەکەی لەحوزەیرانی ٢٠١١ دەرچووەو لەچاپخانەی حەزارە چاپ کراوە لێپرساوەتییەکان تێیدا بەمجۆرە دابەش بووە: بەڕێوەبەری نوسین سەید عەبدولفەتاح، سکرتێری نوسین هاوار مستەفا خان، دەرهێنانی هونەری حسێن موجی، پێداچوونەوەی زمانەوانی نەجاتی عەبدولقادر، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کوردستان نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.

لەژمارە ١دا کە لەمانگی ئاب دەرچووە، علوانی موغیب بۆتە بەڕێوەبەری نوسین، زاهیر زەکەریا بۆتە دەرهێنەری هونەری و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد جگە لەوەی کە وەك بەڕێوەبەری ئۆفیسی کوردستان ماوەتەوە، لەگەڵ هەر یەك لە عیماد عەلی، دڵشا یوسف و لوقمان مەحمود پێکەوە دەستەی نوسەرانیان پێکهێناوە. لەژمارە ٢ کە لەکانونی دووەمدا دەرچووە، دەستەی نوسەران تەنها لە لوقمان مەحمودو دڵشا یوسف پێکدێ و لەهەمان کاتدا لوقمان مەحمود وەك بەڕێوەبەری ئۆفیسی کوردستان جێی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدی گرتۆتەوە.

هەردوو ژمارە لەچاپخانەی روزلیوسف لەقاهیرە چاپ کراون و قەبارەیان ٢٧ بە ١٩,٥ سانتیمەترە. بابەتەکانی هەردوو ژمارە بەسەر وتاری سیاسی، مێژوو، چاوپێکەوتن ریپۆرتاژو چاوپێکەوتندا دابەش بوون. بەشدار بووانی هەردوو ژمارە بەمجۆرەن:

لەمیسرییەکان: سەید عەبدولفەتاح، مەحمود زاید، رەجائی فاید، عەبیر مورسی، هیشام محەمەد، محەمەد کەفراوی، علوانی موغیب، دکتۆر بەهاء عەبدولمەجید، ئامال فەرغەلی، دکتۆر حەمەد غالب شوعەیب، جیهان غەرباوی، دکتۆر سەناء شەعلان، لویس جریس.

لەکورد: فەرید ئەسەسەرد، عیماد عەلی، دڵشا یوسف، فەتحوڵڵا حوسەینی، لوقمان مەحمود، ڤینۆس جەمال، دکتۆر محەمەد عەلی سوێرکی (ئوردون)، دکتۆر موئەیەد عەبدولسەتار، عەبدولڕەزاق بیمار، چان دۆست، زاگرۆس عوسمان، داریوس داری، دکتۆر دڵزار ئەمین، بڵند شاڵی، کفاح مەحمود کەریم، سەعید حاجی سدیق زاخۆیی، کاروان ئەنوەر، بسار شاڵی.

## ئیللەڵڵا (شەڕ)

شەڕێکە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق و جاشەکان لەنزیك گوندی ئیللەڵڵای دەشتی کۆیە لە ١٠ی نیسانی ١٩٨٠.

لەم شەڕەدا کە ٨ سەعاتی خایاندو هێزەکانی سوپا هەلیکۆپتەری جەنگییان تێدا لەدژی هێزی پێشمەرگە بەکار هێنا، پێشمەرگەکانی کەرتی حاجی قەڵای سەر بەهەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر زیانێکی گیانیی زۆریان لەهێزەکانی دوژمن داو هەلیکۆپتەرێکیشیان پێکا کە لەمەیدانی شەڕ کەوتە خوارەوە.

شەڕەکە زیانی کوژرانی نزیکەی ٧٥ سەربازو

وەك لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەئەنکەرە، بۆ تورکیا گواستراوەتەوە. لەو ماوەیەدا، بۆ فێربوونی زمانی تورکی، لەزانکۆی ئەنکەرە بۆ ماوەی ساڵێك زمانی تورکی خوێندو بۆ ساڵی دواتر بڕوانامەی دبلۆمی لەزمانی تورکی وەرگرت.

نوسین و وتاری سیاسیی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاو کردۆتەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ژیاننامەی سیاسی» (١٩٩٣)، «ڕەسوڵ مامەند پەنجا ساڵ تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات» (١٩٩٨).

## بەیانی شوبات

ڕاپۆرتێکی کۆمیتەی هەرێمەکانە لەمانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٦ لەسلێمانی دەرچوو، تێیدا ڕەخنە لەسەرکردایەتی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان گیراوە گوایە ئەو سەرکردایەتییە لەکاتێکی ناسکداو لەکاتێکدا کە دەزگا ئەمنییەکان شاڵاوێکی توندوتیژیان دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەست پێکردبوو، کوردستانی بەجێ هێشتووەو ڕووی کردۆتەوە ئێران بۆ ئەوەی لەوێوە ڕێوشوێنێك بدۆزێتەوەو بگاتە لای دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسوریا.

ڕاپۆرتەکە کە لە ١٦ لاپەڕەی فولسکاب پێکدێ، بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و ڕەخنە گرتن لەسەرکردایەتیی کۆمەڵە. بەشی دووەم تایبەتە بەتاوتوێ کردنی کێشەی جوتیاران و پێویستیی ریفۆرمی زەوی و ڕێوشوێنەکانی پەرەپێدانی هۆشیاریی چینایەتیی جوتیاران. بەشی سێیەم بەشێوەیەکی بابەتییانەو ڕەخنەگرانە چەردەیەك مەسەلەی گرنگی وروژاندووە وەك پێویستیی هەڵبژاردنی ناوێکی شیاوتر بۆ کۆمەڵەو هەمووارکردنی ڕێبازە فیکرییەکەی.

لەکۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٨١، مەسەلەی بەیانی شوبات وروژێنراو بڕیاری کۆنفرەنس ڕەخنەگرتن بوو لەهەردوولا: لەلایەك، ڕەخنە لەسەرکردایەتیی ئەو کاتەی کۆمەڵە گیرا کە لەکاتێکی ناسکدا هەوڵیداوە کوردستان و ڕێکخستنەکان بەجێ بێڵێ و پلانێکی ڕێکوپێکی نە بۆ کاتی تەنگانەو لێقەومان و پاراستنی ڕێکخستنەکان هەبووەو نە بۆ خۆ دەربازکردنێکی سەرکەوتووانەو بەسەلامەتی گەیشتن بۆ شوێنی مەبەست. لەلایەکی تریشەوە، ڕەخنە لەکۆمیتەی هەرێمەکان گیرا کە لەکاتێکی نەگونجاودا بەیاننامەکەی دەرکردووە، چونکە لەو کاتەدا هەموو سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەگرتوخانەو لەژێر ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوەدا بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو دەزگا ئەمنییەکانی بەعس سوود لەبەیاننامەکە وەرگرن و لەدژی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەکاری بهێنن.

ئەو هەڵوێستەی کە کۆنفرەنس لەم بارەیەوە نواندی، مشتومڕی سەبارەت بەهەردوو مەسەلە خاو کردەوە.

## بیرو هۆشیاری (گۆڤار)





وەرزنامەیەکی فیکری- تیۆرییە، مەکتەبی بیرو هۆشیاری دەری کردووە. پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە یەك لەشوباتی ٢٠٠٢و ژمارە پێنج لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٣.

خاوەنی ئیمتیازەکەی مەکتەبی بیرو هۆشیارییە، سەرنوسەرەکەی عیماد ئەحمەدەو لەژمارە ٣وە بەڕێوەبەری نوسینی زاهیر شوکرە.

دەستەی نوسەران لەژمارە ١دا لەدکتۆر دلێر ئەحمەد حەمەد، فازڵ کەریم ئەحمەد، فەرید ئەسەسەردو شەماڵ عەبدولوەفا پێك هاتووە. لە ژمارە ٢دا دکتۆر ئاراس حسێن و یوسف گۆران چوونەتە پاڵ دەستەی نوسەران. لەژمارە ٣دا زاهیر شوکر بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراوە. لەژمارە ٤وە

دوا جار له‌به‌غدا له‌فه‌وجی تایبه‌تی پاسه‌وانیی سه‌رۆك جه‌لال تاڵه‌بانی خزمه‌تی کردو له ٢ی تشرینی دووه‌می ساڵی ٢٠٠٦ له‌سه‌ر رێگای به‌غدا- عوزێم له‌گه‌ڵ چوار پێشمه‌رگه‌ی هاورێی که‌وتنه بۆسه‌ی تیرۆریستانه‌وه‌و شه‌هید کران.

## جومعه حه‌سه‌ن*



پێشمه‌رگه‌. ناسراو به سیروان. ناوی ته‌واوی جومعه حه‌سه‌ن که‌ریم سلێمان. له‌دایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی شاری که‌رکوك. له‌شار په‌یوه‌ندیی له‌گه‌ڵ هیچ رێکخستنێکی نهێنیدا نه‌بوو، کوردایه‌تیی له‌سه‌رووی حزبایه‌تییه‌وه داده‌نا. ساڵی ١٩٨١ له‌ته‌مه‌نی ١٩ ساڵیدا په‌یوه‌ندیی به‌هێزی پێشمه‌رگه‌وه کردو له‌هه‌رێمی ٢ی که‌رکوك بوو به‌پێشمه‌رگه‌.

له‌ژیانی پێشمه‌رگایه‌تیدا به‌شدار بوو له‌چه‌ندین نه‌به‌ردا. له ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٨٢ له‌گوندی قازان که که‌وتۆته نزیك تاسلۆجه له‌سلێمانی، له‌گه‌ڵ ١٠ پێشمه‌رگه‌و کادیردا به‌فه‌رماندەیی ئه‌نوه‌ر حه‌سه‌ن فه‌رمانده‌ی هه‌رێمی ٢ی که‌رکوك، له‌شه‌ڕێکی نابه‌رامبه‌ردا له‌گه‌ڵ هێزێکی زۆری سه‌ربازو جاشدا شه‌هید کرا.

## جومعه محه‌مه‌د مه‌جید*




پێشمه‌رگه‌. ناسراو به جومعه ته‌په‌لوویی. له‌دایکبووی ساڵی ١٩٧٢ی گه‌ڕه‌کی ئیسکانی شاری که‌رکوك. قۆناغی خوێندنی ناوه‌ندیی له‌ناحیه‌ی له‌یلان ته‌واو کردووه‌.

له‌راپه‌ڕینی ساڵی ١٩٩١دا بووه به پێشمه‌رگه‌ی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان و به‌شدار بوو له‌رزگارکردنی له‌یلان و ده‌وروبه‌ری.

ساڵی ١٩٩٣ دوای پێکهێنانی سوپای یه‌کگرتووی کوردستان، له‌فه‌رماندەیی ناوچه‌ی که‌رکوك خزمه‌تی کردو دواتر گوێزرایه‌وه بۆ که‌تیبه‌ی دیده‌وانیی فه‌رماندەیی گشتیی هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان.

## جه‌بار فایه‌ق مه‌جید*



پێشمه‌رگه‌، ناسراو به جه‌بار پونگه‌ڵه‌یی. له‌دایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی پونگه‌ڵه‌. ساڵی ١٩٧٩ بووه‌ته پێشمه‌رگه له‌که‌رتی ٤ی جه‌باریی سه‌ر به‌هه‌رێمی ٥ی قه‌ره‌داغ. به‌شداریی له‌ژماره‌یه‌کی زۆر شه‌ڕو نه‌به‌ردی سنوری هه‌رێمه‌که‌ی کردووه‌.

له ١٧ی تشرینی دووه‌می ساڵی ١٩٨٠ له‌شه‌ڕێکی ده‌سته‌ویه‌خه‌دا له‌گه‌ڵ هێزێکی گه‌وره‌ی جاش و سه‌رباز به‌پاڵپشتی هه‌لیکۆپته‌ری جه‌نگی، له‌چیای شۆڕاوه‌ی ناوچه‌ی هه‌مه‌وه‌ند له‌گه‌ڵ پۆلێك پێشمه‌رگه‌دا شه‌هید کرا.

## جه‌بار فه‌رمان



فه‌رمانده‌و ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی. ناوی ته‌واوی جه‌بار فه‌رمان عه‌لی ئه‌کبه‌ر. له‌دایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی بان میلی ناوچه‌ی خانه‌قین. ساڵی ١٩٦٠ خوێندنی سه‌ره‌تایی له‌گوندی کارێزه ته‌واو کردووه‌. ساڵی ١٩٦٣، له‌ته‌مه‌نی ١٦ ساڵیدا، په‌یوه‌ندیی به یه‌کێتیی قوتابیانی کوردستانه‌وه کردووه‌و به‌هۆی چوست و چالاکیی له‌ناو رێکخراوه‌که چه‌ند جارێك

لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە دەستگیر کراوە. لەیەکێ لەچالاکییەکان، بەشدار بوو لەجێبەجێ کردنی نەخشەی دەربازکردنی هاوڕێی، ئاوات عەبدولغەفور، لەچنگ پۆلیسەکان.

ساڵی ١٩٦٧ خوێندنی دوا ناوەندیی لەخانەقین تەواو کردو لەپەیمانگای مامۆستایان لەباقوبە وەرگیرا. پاش دەرچوونی بەمامۆستا، لەگوندی بوهرزی سەر بەپارێزگای دیالە بۆ ماوەی ساڵێك بەمامۆستا دامەزراو پاشان لەخوێندنگەی سەورە لەبەغدا وانەی وتەوە.

ساڵی ١٩٧١ شانبەشانی مامۆستایی لەو خوێندنگەیە، دەستی بەخوێندن کرد لەبەشی فیزیای کۆلێجی زانست لەزانکۆی موستەنسریە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٤ لەکاتێکدا کە لەسێیەم ساڵی زانکۆدا بوو، وازی لەخوێندن هێناو پەیوەندیی بەشۆڕشەوە کرد. پاش نسکۆی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ خانەقین و درێژەی بەهەڵسوڕانی دا لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا.

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵە، گیراو لەدادگا فەرمانی ٦ ساڵ زیندانیی بۆ دەرچوو. ساڵی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. بۆ ساڵی دواتر، پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

سەرەتا، بووە رابەری سیاسی لەهەرێمی ٢و پاشان بووە بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمان لەوەرتێ. پاش دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٨٢، بووە بەرپرسی ڕێکخراوی ٢ی کۆمەڵەو دواتر کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لەگوندی حاجی مامەند بوو.

ساڵی ١٩٨٤ لەسێیەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەمێرگەپان، بەئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا.

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان چالاکی و شەڕو داستانی کردووە لەوانە شەڕەکانی کارێزەو ماوەت و شارباژێر لەساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣. پاش پچڕانی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عیراق لەساڵی ١٩٨٥، سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی چیای دابانی کردو لەساڵی ١٩٨٦دا بەشدار بوو لەسەرپەرشتی کردنی شەڕەکانی قەیوان- ماوەت.

ساڵی ١٩٨٨ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەشاری ورمێ و بەرپرسی ئۆفیسی راپەڕاندنی بەرەی کوردستانی لەڕاژان. ساڵی ١٩٩٠ گوێزرایەوە بۆ سوریا بۆ کاری دیپلۆماتکاری. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان و بەشدار بوو لەدامەزراندنی لەشکری یەك و بووە سەرلەشکر.

ساڵی ١٩٩١، لەسەردەمی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا، هێزەکانی گەرمیانی جوڵاندو ناوچەکەی لەسوپای عیراق پاك کردەوە. لەکۆتایی ئەو ساڵەدا ڕێی نەدا حکومەتی عیراق پەکی بەنداوی دوکان بخاو وێستگەکانی کارەباکەی بگوازێتەوە. هەر ئەو ساڵە کۆلێجی سەربازیی لەقەڵاچوالان دامەزراند.

ساڵی ١٩٩٢ لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتی بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو پاشان بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری و هەمان ساڵ لەیەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە وەزیری پێشمەرگە. لەماوەی نێوان ١٩٩٤-١٩٩٦دا، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا، سەرکردایەتیی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سلێمانی و بەشێکی هەولێری کرد.

ساڵی ١٩٩٥ بووە وەزیری ناوخۆ. لەماوەی ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٧دا چەند چالاکییەکی لەبواری خزمەتکردنی پێشمەرگەدا ئەنجام دا لەوانە دامەزراندنی یانەی پێشمەرگەو دامەزراندنی نەخۆشخانەی شۆڕش بۆ پێشمەرگەو کەسوکاریان و هەر لەو ماوەیەشدا یەکەمین هێزی پێشمەرگەی ژنانی دامەزراند.

ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی نەخۆشییەوە لەکاری سیاسی و حزبی دوورکەوتەوە. ساڵی ٢٠٠١ لەدووەمین کۆنگرەی یەکێتی لەسلێمانی، بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە، بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی نەخۆشییەکەیەوە نەیتوانی ئەرکەکانی وەك ئەندامی سەرکردایەتی بەجێ بهێنێ. لە ٩ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کرد.

## جەبار یاوەر



کادر و پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی جەبار یاوەر مەندە میرزا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی خانەقین. ساڵی ١٩٦١ باوکی کە کارمەند بوو لەپۆلیسی هێڵی ئاسنینی عیراق لەخانەقین، بەهۆی پەیوەندیی بە

کورد لەشەقڵاوە کرد.
دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، بەشداریی لەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کرد کە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە پاش ڕاپەڕین، ساڵی ١٩٩٢ لەهەولێر سەرقاڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بوو بەناوی «مافناس»و توانی ٤ ژمارەی لێ دەرکا. هەر ئەو ساڵە لەهەلومەرجێکی نادیاردا لەهەولێر تیرۆر کرا.
دیارترین بەرهەمەکانی: «ئاوڕدانەوەیەك لەئەنجومەنی ئاواییەکان» (١٩٨٤).


## جەوقەد (هاوپەیمانی)

بەرەیەکی سیاسیی عیراقییە، ناوەکەی کورتکراوەی وشە عەرەبییەکانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی دیموکراتە، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لەدیمەشق ڕاگەیەنرا. ئەندامە پێکهێنەرەکانی بریتین لەڕێکخراوی سوپای ڕزگاریی عیراق، پارتی کۆمۆنیستی عیراق، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب (باڵی سوریا)، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب، پارتی سۆسیالیستی عیراق و دیموکراسییە سەربەخۆکان.
ئامانجی ئەم بەرەیە، ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتیلافی بوو لەعیراقدا کە لەسایەیدا کورد ئۆتۆنۆمیی چنگ بکەوێ. سەرەڕای ڕێککەوتن لەسەر ئەم ئامانجە، ستراکتۆری یەك بیروباوەڕی لەناویدا زۆر تۆکمە نەبوو، بۆیە زۆر زوو کێشەی تێکەوت. دکتۆر مەحمود عوسمان وەك نوێنەری حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەرنامەی بەرەی ئیمزا کردبوو، کەچی سەرکردایەتیی ناو وڵاتی حزبەکەی گەڕی پێ کردو بێ ئاگایی خۆی لەو ئیمزایە نیشانداو پێوەی پابەند نەبوو. پاش نزیکەی دوو هەفتە، دوو ئەندامی ئەم بەرەیە، واتە پارتی کۆمۆنیست و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، بەرەیەکی تازەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕاگەیاند. بەمجۆرە، بەرەکە هەر لەسەرەتاوە پەکی کەوت، هیچ ئامانجێکی ڕاگەیەنراوی خۆی بەدەست نەهێناو نەیتوانی ڕۆڵێکی کارا لەخەباتی سیاسیدا بگێڕێ.

## جەوەل بۆر (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەڕاسیۆنێکە هەردوو تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٧ی سەگرمە لەشەوی ١١ لەسەر ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لەجەوەل بۆر ئەنجامیان داوە.
لەم ئۆپەڕاسیۆنەدا پێشمەرگە لەو ڕەبیانەی کە سوپای عیراق بۆ پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکانی جەوەل بۆر داینابوون، هێزی پێشمەرگە پەلاماری چوار ڕەبیەی دا و لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی بەسەردا گرت و پاشان سوتاندی.
لەم ئۆپەراسیۆنە دوژمن ٣٦ سەربازی کوژراوی هەبوو، ٩ سەربازیشی بەدیل لێ گیرا. پێشمەرگە زیانی نەبوو.

## جەوهەر حسێن ئەحمەد*



پێشمەرگە، ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی هەشەزینی لەناوچەی سەنگاو. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو بۆ ساڵی پاشتر بوو بەپێشمەرگە لەکەرتی ٤ی جەباریی سەر بەهەرێمی ٥ی قەرەداغ.
لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لەچیای شۆڕاوەی ناوچەی هەمەوەند، لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە کە بێستون باڕۆیی سەرکردایەتیی دەکردن، تووشی شەڕێکی دەستەویەخە بوون لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاش و سەرباز. پاش ئەوەی دوژمن هەلیکۆپتەری جەنگیی لەشەڕەکەدا بەکار هێنا، زیانێکی زۆر بەر پۆلە پێشمەرگەکە کەوت.
لەو شەڕەدا کە ١٤ پێشمەرگەی تێدا شەهید بوو، بەبرینداری کەوتە دەستی جاشەکان و دواتر ڕادەستی سەربازەکان کرا. لە ٩ی ئایاری ساڵی ١٩٨١ لەبەندیخانەی موسڵ لەسێدارە درا.

# ح

## حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا*



پێشمەرگە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی ناحیەی گەڵاڵە لەپارێزگای هەولێر. لەخێزانێکی هەژارە، بۆیە لەمنداڵیدا شوانیی کردووەو بەهۆی ئەمەشەوە نەخراوەتە بەر خوێندن، بەڵام لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، چووە بەر خوێندن و فێری خوێندەواری بوو. دواتریش لەپێشمەرگایەتی فێری خوێندن و نووسین بوو بەپیتی لاتینی.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بەڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە بووە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ساڵی ١٩٧٧ کرا بەفەرماندەی مەفرەزەو بۆ ساڵی دواتر بووە جێگری فەرماندەی کەرت لەهەرێمی ٧ی باڵەک. ساڵی ١٩٧٩ بووە فەرماندەی کەرتی گەڵاڵە لەو هەرێمە.

پاش دروستبونی تیپەکان، بووە فەرماندەی کەرت لەتیپی ٧٦ی باڵەک. لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە. حاجی برای شەهیدان حەسەن کوێستانی و حەمە رەش و خولەیە کە هەرسێکیان پێشمەرگە بوون. باوک و دایک و خوشکی، دوو جار بۆ باشووری عیراق دوور خرانەوە. هەوەڵ جار لەساڵی ١٩٧٧کە بۆ ماوەی ٩ مانگ بۆ شاری عیمارە دوو خرانەوەو دووەم جار لەساڵی ١٩٨١، بۆ ماوەی ٩ مانگ و نیو، بۆ سەر سنوری عیراق-سعودیە.

حاجی لە ١٧ی ئابی ساڵی ١٩٨٣ لەشەڕەکانی قەندیل لەکاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی بەرەی جود شەهید کرا.

## حاجی قەڵا (شەڕ)

پێکادانێکە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لەگوندی حاجی قەڵا لەکۆیە لە ١٣ی ئایاری ١٩٧٧، تێیدا هێزەکانی سوپا بەهەلیکۆپتەر بۆ مەیدانی شەڕ گوێزرانەوە. لەو شەڕەدا دوژمن ئەفسەرێك و ١١ سەربازی لێ کوژرا، لەپێشمەرگەش مەلا جەمیل (خەڵکی تلیان) فازل مستەفا (خەڵکی کەرکوك) شەهید کران.

## حاجی قەڵا (شەڕ)

شەڕێکە لەنێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ٢ی شوباتی ساڵی ١٩٧٨ لەناوچەی حاجی قەڵا لەدەشتی کۆیە. هێزە هاوبەشەکەی پێشمەرگە پێکهاتبوو لە مەفرەزەکانی سەعدی گچکە، مەلا بەختیار، چەتۆ کەریمە سورو شێخ جەواد.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی پەیدابوونی هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەناوچەکەدا، پێشمەرگەکان خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردو سەنگەریان لەچیا دروست کرد. گروپی یەکەمی هێزی پێشمەرگە چووە شوێنێك دەڕوانێتە سەر دۆڵی خەلەکان، گروپی دووەم لەقوباد بەگی سەنگەری لێدا کە شوێنێکە دەڕوانێتە سەر گوندی شیوەشان، گروپی سێیەم لەبەری رۆژئاوای هێزەکە گیرسایەوەو گروپەکەی تر لەپشت گروپی دووەم و دامێنی شوێنی گیرسانەوەی گروپی یەکەم سەنگەری لێدا.

پاش ئەوەی هێزەکانی سوپای عیراق گوندی قازی بەگیان پشکنی و چوونە ناو گوندی شیوەشان، هێرش بۆسەر هێزی پێشمەرگە دەستی پێکرد هێزی پیادە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوو هەلیکۆپتەریش سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بۆردومان کرد. لەدۆڵی خەلەکانیش هێزەکانی عیراق بەرەیەکی تریان کردەوەو دەستیان بەهێرش کرد.

رادەستی عیراق کرانەوە، کۆمەڵە بەبێ سەرکردایەتی مایەوەو رەوشێکی خراپی بەسەردا هات. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەر یەك لەشاسوار جەلال (ئارام)و سالار عەزیزو ئازاد هەورامی سەرکردایەتییەکی کاتیی بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکان بۆ فریاکەوتنی کۆمەڵەو گرتنەوەی رێکخستنە پەرش و بڵاوەکانی، پێك هێنا. هەر ئەو ساڵە، کۆمیتەی هەرێمەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، هەوڵەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار چڕ کردەوە.

لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی قەرەداغ و گەرمیان و بازیانی کرد. خۆیشی، پاش پێکهێنانی ئەو مەفرەزانە، لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا رووی کردە قەرەداغ و لەوێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

ساڵی ١٩٧٧ بەشداریی لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا کرد کە پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ وڵات لەناوچەی برادۆست بەستراو بووە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی.

لەکۆبوونەوەی نۆکان لەئازاری ١٩٧٨ کە تێیدا سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا، پاش نەوشیروان مستەفا یەکەم دەنگی بەدەست هێنا. لەمانگی نیساندا بووە فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان. لەکۆبوونەوەی فراوانی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ لەگوندی شێنێ، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو بووە بەرپرسی رێکخستنەکانی کۆمەڵە.

لەیەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٨١ بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو بۆ ساڵی دواتر، پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، بووە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لە گوندی حاجی مامەند بوو. لەدووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٨٢ بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٨٤ ناکۆکییەکانی لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا گەیشتنە لوتکەو لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لەهەواری کانی سێوی مێرگەپان رابەرایەتیی باڵێکی بەرهەڵستکاری کرد. پاش کۆنفرەنسەکە رێکخراوێکی بەناوی ئاڵای شۆڕش دامەزراندو ئەم رێکخراوەی بەدرێژەپێدانی بیرو رێبازی شاسوار جەلال دانا. لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ لە چوارچێوەی ململانێی ناوخۆی کۆمەڵەی رەنجدەراندا لەگوندی حاجی مامەند دەستگیر کراو تا هاوینی ١٩٨٩ بەدەستبەسەری مایەوە. پاش ئازادکردنی، خۆی بۆ کاروباری رێکخستنی رێکخراوی ئاڵای شۆڕش لەئۆردوگای زێوەی ناوچەی ورمێ تەرخان کرد. لەم سەروبەندەدا، ساڵی ١٩٩٠ کتێبی «شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی «سەردەم»»ی بڵاو کردەوەو لەساڵی ١٩٩١دا گۆڤارێکی تیۆریی بەناوی «نوژەن» لەئۆردوگای زێوە دەرکردو لەهەردووکیاندا چەردەیەك بیرو بۆچوونی تازەی لەبواری بیرو سیاسەتدا خستە بەرچاو.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، پشتگیریی لەپرۆژەی یەکخستنی چەپەکان کردو لەساڵی ١٩٩٢دا لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکی گرتەوە. لەو ماوەیەدا ژمارە ٢ی گۆڤاری «نوژەن»ی دەرکرد کە دوایین ژمارەی گۆڤارەکەیە.

هەر لەو ساڵەدا پاش پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ چوونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان بە یەك لیست، بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٣ پشتیوانیی لەپرۆژەی یەکخستنی یەکێتیی نیشتمانی و حزبی زەحمەتکێشان کرد، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت و لەم سەروبەندەدا فراکسیۆنێکی لەباڵی ئاڵای شۆڕش و ژمارەیەك کادیری حزبی زەحمەتکێشان بەناوی پەیڕەوی یەکگرتنەوە پێکهێنا. لەمانگی تەموزدا وازی لەحزبی زەحمەتکێشان هێناو گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوا بەدوای ئەمە، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان. ساڵی ١٩٩٩ سەرباری لێپرسراوەتیی لەمەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان، گۆڤاری «مەدەنیەت»و ساڵی ٢٠٠٤ رۆژنامەی «چاودێر»ی دەرکردو ئەرکی سەرنوسەریی هەردووکیانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٠ وازی لەلێپرسراوەتیی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان هێناو خۆی بۆ لێپرسراوەتیی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی تەرخان کرد. هەر ئەو ساڵە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزانکۆی ئازادی هۆلاند بەدەست هێنا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم (١٩٩٠)، «دیموکراسی دوای جەنگی سارد» (١٩٩٩)، «چۆن چەپێك و کام مێژووی کۆمەڵە» (٢٠١٢).

## ڕێبازی نوێ (ڕۆژنامە)


ڕێبازی نوێ

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەزمانی کوردی. بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە هەر جارەی لەشوێنێك دەرچووە. ناوی هیچ سەرنوسەرێکی لەسەر نییە بەڵام بەکردەوە، بەپێی قۆناغەکان، چەند کەسێك ئەرکی سەرنوسەرییان گرتۆتە ئەستۆ کە بریتین لە جەلال تاڵەبانی، ئەرسەلان بایز، فەرید ئەسەسەردو یوسف شەریف.

ماوەی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٩١و حەوت خولی بەخۆوە دیوە. سەرەتا لەسوریا دەرچووە. ئەمەش بەخولی یەکەمی دادەنرێ و تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. لەباری چاپدا ئەم دوو ژمارەیە، لەتەواوی ژمارەکانی تر ڕێکوپێکترن. ژمارە ١ لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ دەرچووەو ژمارە ٢ لەتشرینی دووەمی هەمان ساڵ. عارف کەریم سەرپەرشتیی چاپکردنی ژمارە ١ی کردووە لەبەیروت. ژمارە ٢ی لە دیمەشق چاپکراوە و هەر ژمارەیەك ٢٠٠٠ دانەی لێ چاپ کراوە.

ژمارە ١ و ٢ لەقەبارەی تابلۆید دایە. ژمارەکانی تر زۆربەیان قەبارەیان فولسکابە، تەنیا ژمارەکانی ٢ و ٣ی شوبات و مارتی ١٩٨٢ نەبێ کە لەقەبارەی نیو فولسکابدان، هەروەها ٦ ژمارەی کاتی ڕاپەڕینیش قەبارەیان تابلۆیدە.

پاش ڕوخانی ڕژێمی شا لەئێران، لەساڵی ١٩٧٩دا یەك ژمارەی لەسەقز دەرچووە کە هشیار عابد سەرپەرشتیاری چاپکردنی بووە. ئەم ژمارەیە بەخولی دووەم دەژمێردرێ و لەم خولەدا هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە. لەهەردوو خولی یەکەم و دووەمدا تاڵەبانی ئەرکی سەرنوسەریی گرتۆتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٢ خولی سێیەمی دەست پێدەکاو تێیدا ڕۆژنامەکە لەتوژەڵە دەستی بەدەرچوون کردۆتەوەو ٥ ژمارەی لێ دەرچووە. بەڵام لەم خولەدا بەشێوەی گۆڤارێکی نیو فولسکابی دەرچووە. سەرنوسەرەکەی ئەرسەلان بایز بوو.

ساڵی ١٩٨٣ شوێنی دەرچوون و چاپ کردنی بۆ دۆڵی جافەتی گوێزرایەوەو ٣ ژمارەی بەقەبارەی فولسکاب بەشێوەی ڕۆژنامە لێ دەرچووە. هەر ٣ ژمارە لەگوندی هەڵەدن دەرچوون. ئەم ٣ ژمارەیە خولی چوارەمی ڕۆژنامەکە پێکدێنن و لەم خولەدا فەرید ئەسەسەرد سەرنوسەر بوو.

ساڵی ١٩٨٥ خولی پێنجەمی ڕۆژنامەکە دەست پێدەکا. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە بەڕێکوپێکی دەرچووە. ساڵی ١٩٨٥ مانگانەو بەڕێکوپێکی ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی دواتر ١١ ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام ژمارە ١٠ و ١١ پێکەوەن. هەروەها لەساڵی ١٩٨٧دا توانرا ١٢ ژمارەی لێ دەربکرێ. ساڵی ١٩٨٨ دوای گواستنەوەی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن بۆ دۆڵە کۆگە، چەند ژمارەیەك لەدۆڵە کۆگە دەرچوون. لەم خولەدا ئەرسەلان بایز سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بووە.

ساڵی ١٩٨٨ خولی شەشەمی ڕۆژنامەکە دەست پێدەکا کە تێیدا لەسەقز دەرچووە. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە سێ سەرنوسەری بەخۆوە دیوە. لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨وە تا مانگی ئەیلول ئەرسەلان بایز سەرنوسەری بووەو لەئەیلولەوە تا کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ فەرید ئەسەسەرد سەرنوسەری بووەو لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩وە تا کانونی دووەمی ١٩٩١ یوسف شەریف سەرنوسەری بووە. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە بەڕێکوپێکی دەرچووەو هەم لەساڵی ١٩٨٩دا دوانزە ژمارەی لێ دەرچووە هەم لەساڵی ١٩٩٠دا. لەم خولە ڕۆژنامەکە نزیکەی ٣٠ ژمارەی لێ دەرچووە.


ساڵی ١٩٩١ خولی حەوتەمی ڕۆژنامەکە دەست پێدەکا کە تێیدا ٦ ژمارەی لێ دەرچووەو سەرنوسەری ئەم خولە فەرید ئەسەسەردە. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە سەرەتا لەگەڵاڵە تایپ و دیزاین دەکراو لەهەولێر چاپ دەکرا، پاشان بارەگایەکی لەهەولێر بۆ کرایەوەو هەر لەوێ تایپ و دیزاین و چاپ دەکرا.

ئەم ڕۆژنامەیە نزیکەی ٩٠ ژمارەی لێ دەرچووە. ڕەنگی ڕەش و سپی بۆ زۆربەی ژمارەکان بەکار هاتووە، تەنیا چەند ژمارەیەك نەبێت کە لە شێوەی گۆڤار دەرچوون و هەروەها ئەو ژمارانەی کە جارێکی تر لەسوید چاپکراونەتەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی گەورەی لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و ڕوونکردنەوەی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبووەو لەبەشێکی ژمارەکانی ساڵانی هەشتاکاندا پاشکۆیەکی تایبەت بەچالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی هەبووە.

دیواربەندی مۆنۆمێنتی بەردە قارەمان لەبازیان، پەیکەری ئیبنولموستەوفی لەبەردەم دەروازەی قەڵای هەولێر، پەیکەری مام رەحمانی باخەوان و دە پۆرترێتی شاعیران لەناو باخی گشتیی سلێمانی، پەیکەری هونەرمەند قادر کابان لەناو بینای بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٧ وەك پێشمەرگە خانەنشین کرا.

## زاهیر محەمەد کەریم*



پێشمەرگە. ناسراو بە زاهیرە خڕە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لەسلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. جموجۆڵی لەناو رێکخستن، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی راکێشاو بووە مایەی چاودێری کردنی لەلایەن سیخوڕانەوە، بۆیە ساڵی ١٩٨٢ بەبڕیاری سەرکردایەتیی رێکخستنی ناوشار رووی کردە شاخ، پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کردو لەتیپی ٣١ی سلێمانی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. پاشان بۆ تیپی ٦٣ی جوتیاران گوێزرایەوەو دواتریش، لەساڵی ١٩٨٥دا، لەتیپی ٤٧ی پیرەمەگرون گیرسایەوە.

لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشدار بوو لەژمارەیەکی زۆری چالاکی و نەبەردی پێشمەرگانەدا لەوانە داستانی قەیوان- ماوەت، دابان- هەلاج و گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ. لەژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بەسەختی بریندار بووە، دواترینیان لەساڵی ١٩٨٨ بوو، کاتێك لەگوندی شاناخسێی ناوچەی شارباژێر بەچەکی کیمیایی بریندار کراو بەپەلەپرۆزێ برایە تاران بۆ چارەسەرو لەوێ دوو مانگ زیاتر مایەوە.

ساڵی ١٩٩١ بەشدار بوو لەراپەڕینداو لەشەڕەکانی ناو شاری سلێمانیدا رۆڵێکی دیاری لەپاکتاوکردنی مۆڵگەکانی رژێمی بەعسدا گێڕا. لەئۆپەراسیۆنی کەرکوکیش لەگەڵ ئەو هێزەدا کە لەقۆڵی چەمچەماڵ- قەرەهەنجیرەوە رووی کردە کەرکوك، بەشدار بوو لەڕزگارکردنی شارەکەدا.

لەکاتی کۆڕەوەکەدا، لەگەڵ مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەدا بەرپەرچی هێزەکانی سوپای عیراقی دایەوەو لە ٣ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ لەناو شاری سلێمانی شەهید کرا.

## زنجیرەی بەرنامەی کەرتی رێکخستنی دوکان (بڵاوکراوە)

بڵاوکراوەیەکی نیو فولسکابییە، تایبەت بووە بەئەندامان و وەك بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە، کەرتی رێکخستنی دوکانی سەر بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەری کردووە. بابەتەکان کادیرەکانی کەرتەکە ئامادەیان دەکرد، بەتایپی دەستی تایپیان دەکردو لەچاپخانەی برایم عەزۆ لەبەرگەڵوو بەرۆنیۆ بۆیان رادەکێشرا.


زۆربەی بابەتەکان بابەتی تیۆریکی و فەلسەفی و پشت ئەستوور بوون بەمیتۆدی شیکردنەوەی مارکسیزم- لینینیزم. هەر ژمارەیەك ٣٠-٤٠ لاپەڕە بوو.

ئەم بڵاوکراوەیە ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە، زۆربەی لەساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو کەمێکی لەساڵی ١٩٨٤.

## زەڵێ (کۆبوونەوە)

کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەگوندی زەڵێ لەسەرەتای مانگی کانونی دووەمی ١٩٨١. ئەم کۆبوونەوەیە کە چەند رۆژێکی خایاند، بەشێوەی زنجیرەیەك سیمیناری سیاسی- فیکری بەڕێوە چوو و چەردەیەك مەسەلەی گرنگی تێدا وروژێنرا لەوانە رۆڵی کۆمەڵە لەناو یەکێتیداو کارکردن بۆ کاراکردنی ئەو رۆڵەو دابین کردنی سەربەخۆییەکی زۆرتر بۆ جموجۆڵی کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا.

لەم کۆبوونەوانەدا ٥٧ کادیر بەشداریی کرد، بەڵام هەندێ لەسەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵە بەشدارییان تێدا نەکرد لەوانە نەوشیروان مستەفا کە لەکاتی بەسترانی کۆبوونەوەکەدا لەلای دەستەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەسەرکردایەتیی تایەر عەلی والی وەك بارمتە گل درابۆوە، هەروەها سالار عەزیزو مەلا




## ڤیەننا (کۆبوونەوە)

کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەڤیەننا لەنیسانی ١٩٧٦. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بریتین لە تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر شێخموس، عادل مورادو دکتۆر فوئاد مەعسوم.

ئەجیندای کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی رەوشی سیاسیی کوردستان و تاوتوێکردنی بەرنامەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. گرنگترین دوو بڕیار کە کۆبوونەوەکە پێی گەیشت بریتی بوون لەکارکردن بۆ پەرەپێدانی جموجۆڵی سیاسی و دبلۆماسی لەئەوروپاو پەلەکردن لەجێبەجێکردنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەکوردستاندا. بڕیاری دواییان لەژێر کاریگەریی چەند فاکتەرێکدا بوو لەوانە دەستپێکردنی حکومەتی عیراق بەجێبەجێ کردنی بەرنامەی راگواستنی گوندەکانی سەر سنوری عیراق- ئێران و عیراق- تورکیا لەخانەقینەوە تا زاخۆ، بەرپابوونی جوڵانەوەیەکی خۆبەخۆو پەراگەندەوە لێك داپچڕاو لەناو خێڵەکاندا دژی راگواستنیان و پێکهێنانی گروپی چەکداری گەورە گەورە بۆ رووبەڕووبوونەوەی سوپای عیراق. جگە لەوە، دوو هۆی تر هاندەر بوون بۆ پەلەکردن لەپێکهێنانی یەکەی چەکدارو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. یەکێکیان بەڵێنەکانی هەر یەك لەسوریاو لیبیاو یەکێتیی سۆڤێت بوو بۆ پشتگیری کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەوڵەکانیدا بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. ئەویتر، کەوتنە گەڕی باڵی سەر بەسوریای حزبی بەعسی عیراق بوو بەسەرۆکایەتیی عەبدولجەبار کوبەیسی (حازم) بۆ ئەنجامدانی کودەتا لەبەغدا لەهاوینداو گرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

کۆبوونەوەکە بەرنامەی پێویستی بۆ هەموو ئەگەرەکان داناو میکانیزم و کاتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دیاری کرد. بەپێی بڕیارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە، دەبوایە لەنیسانەوە تا حوزەیران کار بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان بکرێ.

ئەو ساڵە لەبەشی میکانیکی کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی بەسرە وەرگیرا.

ساڵی ١٩٨٤ بەئەندامی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە هەڵبژێردراو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری ڕێکخستندا بەدەمامکەوە بەشداریی تێدا کرد. دوای ئەو کۆنفرەنسە، لەسەر داوای ڕێکخستن خۆی بۆ زانکۆی موسڵ گواستەوەو لەم سەروبەندەدا بەشداریی لەڕێکخستنەوەی شانەکانی ناو زانکۆی موسڵ و زانکۆی سەڵاحەددینی هەولێر کرد.


لەشوباتی ساڵی ١٩٨٦ دوای ئاشکرابوونی بەشێکی هێڵە نهێنییەکانی ڕێکخراوی هەولێر، ماوەیەك لەگوندی ئۆمەراوە خۆی حەشار دا، بەڵام پاش ئەوەی دەرکەوت گیراوەکان هیچیان نەدرکاندووە، گەڕایەوە بۆ هەولێرو بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٨٩، پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی مستەفا سەید قادری بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان ناردەوە بۆ ناو شار، جێ و شوێن و پێداویستییەکانی کارکردنی بۆ دابین کردو لەئەرکەکاندا هاوکاریی تەواوی کرد. دوای گیرانی مستەفا سەید قادر لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٩١، خۆی و هەر یەك لە مستەفا برایم دەرویش و ئەحمەد حسێن ناسراو بە ئەحمەد بچکۆڵ و خالید محەمەد ڕەسوڵ لیژنەیەکیان بەناوی لیژنەی کاری ڕاپەڕین بۆ تەواو کردنی ئەو کارانە پێکهێنا کە مستەفا سەید قادر دەستی پێ کردبوو. ئەم لیژنەیە لەمانگی تشرینی یەکەمدا، وەك بەشێك لەبەرنامەی خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، وردە وردە کەوتە دروست کردنی شانە چەکدارەکانی بروسک.

پێش ڕزگارکردنی هەولێر بەچەند ڕۆژێك سەردانی شەقڵاوەی کردو لەگەڵ سەرکردە مەیدانییەکاندا هەماهەنگیی بۆ ڕێکخستنی ڕاپەڕین لەهەولێر کرد. لەدوای ڕزگارکردنی هەولێر تا کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لەساڵی ١٩٩٢، لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ٥ی گرتە ئەستۆ.

دوای کۆنگرەی یەکەم بووە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان کە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لێپرسراوی بوو. ساڵی ١٩٩٦ بەپلەی ئەندامی مەکتەب گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن و ساڵی ٢٠٠١ بەهەمان پلە لەمەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان خزمەتی کرد. پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەند، تا کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو.

## قاسم محەمەد حەسەن*



پێشمەرگە. ناسراو بە قاسم کرێکار. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی نێرەگینی سەر بەناحیەی دێگەڵەی پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە ئەم پەیوەندییەی ئاشکرا بوو، لەئەمنی هەولێر دەستگیر کراو دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕادەستی دادگا کرا. لەوێ بە شەش ساڵ زیندانی لەبەندیخانەی ئەبوغرێب حوکم درا. ساڵی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کردو لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر شەڕو چالاکیی کردو جارێکیش بریندار کرا.

لە ١٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٥ هێزەکانی سوپای عیراق پەلاماری گوندی سماقەیان دا لەناوچەی کۆیە. هێزی پێشمەرگە بەرگرییەکی سەختی کردو شەڕێکی ١٢ سەعاتی هاتە ئاراوە. لەم شەڕەدا شەهید بوو، بەمەش بوو بەپێنجەمین شەهیدی بنەماڵەکەی.

## قاسم محەمەد مستەفا



پێشمەرگەو ئەندامی دێرینی ڕێکخستن. ناسراو بەحاکم قاسم. لەدایکبووی ١٩٥٤ی شاری کۆیە. ساڵی ١٩٦١ لەخوێندنگەی قادریەی شاری کۆیە خراوەتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٦٣، کاتێك لەپۆلی سێی سەرەتایی بووە، خێزانەکەی لەژێر گوشاری میلیشیاکانی گاردی نەتەوەیی

## گادر (چالاکی)

شەڕێکی دوو سەعاتییە لەنێوان مەفرەزەیەك لەپێشمەرگەکانی کەرتی ٥ی هەرێمی ١٤و سەربازەکانی رەبیەکانی سەر گوندی گادر لەنزیك سەربازگەی فەوجی خانەقا لەناوچەی رەواندز لە ٢١ی ئابی ١٩٧٩. لەو شەڕەدا پێشمەرگە بەکلاشنکۆف و ئار بی جی هێرشی کردە سەر رەبیەکان و لەئاکامدا ٤ سەرباز کوژران و ٥ سەربازی دیکەش بریندار کران.

## گرتك (شەڕ)

شەڕێکە لەنێوان دەستەیەك لەپێشمەرگەکانی هەرێمی ٩و سەربازەکانی سریەی گرتك لە ناوچەی چۆمان لە ٣ی ئابی ١٩٧٨. لەئاکامی ئەو شەڕەدا ١٥ سەرباز کوژران و بریندار کران.

## گرد مەیدانی زینۆ (شەڕ)

پێکدادانێکە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لەگرد مەیدانی زینۆ لە ناوچەی چۆمان لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٧٧دا کە تێیدا ١٠ سەرباز کوژران.

## گریانە (شەڕ)

شەڕێکە لەنێوان مەفرەزەیەك لەپێشمەرگەکانی هەرێمی ١ی هەورامان و هێزێکی سوپای عیراقدا لەگوندی گریانە لەنزیك هەڵەبجە لە ١٥ی ئابی ١٩٧٨. لەئاکامی ئەو شەڕەدا ٤ سەرباز کوژران.

## گزنگ (گۆڤار)




گۆڤاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان. یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لەساڵی ١٩٧٢ لەکەرکوك دەرچووە. ساڵی ١٩٨٣ نوسەرە کەرکوکییەکانی ناو یەکێتیی نوسەرانی کوردستان پرۆژەیەکیان بۆ زیندووکردنەوەی ئەم گۆڤارە داناو بۆ ئەوەی وای نیشان بدەن کە گۆڤارەکەیان درێژەپێدانی ئەو گۆڤارەیە کە ١١ ساڵ لەمەوبەر لەکەرکوك دەرچووە، لەئازاردا ژمارە ٢ی گۆڤاری گزنگیان دەرکرد. ئەم ژمارەیە ١٠٤ لاپەڕەی نیو فولسکاب بوو.

